زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر
**Salahaddin University**

# ( ئاراستەی كچانی دواكەوتوو لە هاوسەرگیری بەرامبەر فرەژنی )
# توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە شاری هەولێر – زانكۆی سەلاحەدین

پێشكەش بە بەشی كۆمەڵناسی كراوە وەكو بەشێك لە پێداویستییەكانی
بەدەستهێنانی بەكالۆریۆس لە زانستی كۆمەڵناسیدا


**توێژەران**

مأوی محسن مجید

هێلین زرار أحمد

**سەرپەرشتیار**

م.ی كامران جوهر عبدالله


**٢٠٢٣_٢٠٢٤**

# پێشکەشکردن

- به‌ خانه‌واده‌ به‌رێزه‌کانمان که‌وا هه‌رده‌م پاڵنه‌ر و رێنیشانده‌رمان بوونه‌ بۆ درێژه‌دان به‌خوێندن.

- پێشکه‌شه‌ به‌ دایک و باوک و هه‌موو خزم و که‌سوکاره‌کانمان و هاورێیانمان.

- به‌ مامۆستا خۆشه‌ویسته‌کانمان که‌ هه‌میشه‌ پالپشتمان بوونه‌.

- به‌شی کۆمه‌لناسی زانکۆی سه‌لاحه‌دین کۆلێژی ئاداب.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ خودای گەورە و میهرەبان بۆ بەخشینی توانای خوێندن و فێربوونمان.

- سوپاسی بێ پایان بۆ مامۆستا و سەرپەرشتیاری زۆر بەرێز ( م.ی کامران جوهر عبدالله )

- سوپاس بۆ دکتورە بەرێزەکان و مامۆستا بەرێزەکانی بەشی کۆمەڵناسی کە زۆر ماندوو نەناسانە هاوکارییان کردین لە پێدانی زانست و زانیارییەکان.

- سوپاس بۆ هەر کەسێک کە تا گەیشتن بە ئەمرۆ هۆکار بوبێت لە فێربوونی هەرشتێک لە بچوکترین تا گەورە ترین زانست کە هەموو لای ئێمە گەورە و بەنرخ

# پوختە

فرەژنی کێشەی دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری لەنێو ژناندا چارەسەر دەکات و ئەو مەترسییانە کەم دەکاتەوە کە لە ئەنجامی دوودڵی گەنجان بۆ هاوسەرگیری و ئەو زیانە دەروونی و کۆمەڵایەتییەی کە بەهۆی ئەم دیاردەیەوە دروست دەبێت، لە کاتێکدا زۆرێک لە تاکەکانی نێو کۆمەڵگە دژی فرەژنینن و دەڵێن کاریگەری نەرێنی لەسەر ژنان و چەمکی خێزان بەگشتی هەیە، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی تێڕوانینی کچانی دواکەوتوو لە هاوسەرگیری بەرامبەر بە فرە ژنی. وە هەروەها گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێگەیشتووە بریتیبوونە لە نەبوونی منداڵ هۆکارە تاوەکو پیاو هانا بۆ ژنی دووەم ببات بە تایبەتی نەبوونی منداڵی کور تارادەیەک دەبێتە هۆکار بۆ ژنی دووەم هەروەها لەگەڵ ئەوەش نەزۆکی ئەویش بە یەکێک لەو هۆکارەنە دادەنرێت کە پیاوەکە ژنی دووەم بهێنێت زۆربەی ئەندامانی توێژینەوەکە لەگەڵ وەڵامی تارادەیەک دان بۆ هۆکاری نەزۆکی.

# پێرستی بابەتەکان


| لاپەرە | بابەت |
|---|---|
| أ | پێشکەشکردن |
| ب | سوپاس و پێزانین |
| ج | پۆختە |
| ١ | پێشەکی |
| ٢_٢٢ | دەروازی یەکەم : لایەنی تیۆری توێژینەوەکە |
| ٢٣_٢٥ | بەشی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و پێناسەکردنی چەمکەکان |
| ٢_٤ | باسی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوە |
| ٣ | یەکەم : گرفتی توێژینەوە |
| ٣ | دووەم : گرنگی توێژینەوە |
| ٤ | سێیەم : ئامانجی توێژینەوە |
| ٥_٧ | باسی دووەم : پێناسەکردنی چەمکەکان |
| ٦ | ١_ ئاراستە |
| ٦ | ٢_ کچ |
| ٧ | ٣_ دواکەتووی لە هاسەرگیری |
| ٧ | ٤_ فرەژنی |
| ٨_١٢ | بەشی دووەم : توێژینەوەکانی پێشوو |
| ٩_١١ | باسی یەکەم : توێژینەوەکانی پێشووتر |
| ١٢ | باسی دووەم : تاوتێکردنی توێژینەوەکان |
| ١٣_٢١ | بەشی سێیەم : ئاراستەی کچانی دواکەتوو لە هاوسەرگیری بەرامبەر فرەژنی |
| ١٤_١٦ | باسی یەکەم : هۆکارەکانی دواکەوتنی کچان لە هاوسەرگیری |
| ١٧_١٩ | باسی دووەم : فرەژنی و هۆکارەکانی زیادبوونی لای پیاوان |
| ٢٠_٢١ | باسی سێیەم : ئاراستەی کچانئ دواکەتوو لە هاوسەرگیری بەرامبەر فرەژنی |
| ٢٢_٢٤ | باسی چوارەم : چوارچێوەی تیۆری و کار ڕاییەکانی توێژینەوەکە |
| ٢_٣٣ | بەشی پێنجەم : شیکردنەوەی زانیارییەکان |
| ٣٤_٣٥ | بەشی شەشەم : دەرەنجامەکان و پێشنیار و ڕاسپاردەکان |

| | |
|---|---|
| لیستی سەرچاوەکان | ٣٦_٣٨ |
| پاشکۆ | ٣٩_٤٠ |


## پێرستی خشتەکان


| ژمارەی خشتەکان | خشتەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | تەمەنی ئەندامانی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٢٦ |
| ٢ | باری ئابووری ئەندامانی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٢٦ |
| ٣ | شوێنی نیشتەجێبوونی ئەندامانی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٢٧ |
| ٤ | باری خێزانی ئەندامانی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٢٧ |
| ٥ | ئایا عادەت و تەقالید هۆکارە بۆ پیاوان کە هانا بۆ ژنی دووەم ببەن | ٢٨ |
| ٦ | ئایا ئافرەتانی ڕۆشنبیر دووردەکەونەوە لە فرەژنی | ٢٨ |
| ٧ | ئایا ئەگەر خۆشەویستی لە نێوان دوو هاوسەر نەبوو ئەمە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی پیاوەکە ژنی دووەم بهێنێت | ٢٩ |
| ٨ | ئایا فرەژنی وا دەکات کە سۆزی هاوسەرگیری بەرامبەر بە خێزانی یەکەم کەم بێت | ٢٩ |
| ٩ | ئایا تۆ ئامادەی بۆ هاوسەرگیری کردن لەگەڵ پیاوێکی خاوەن هاوسەر | ٣٠ |
| ١٠ | ئایا نەبوونی منداڵ هۆکارە بۆ ئەوەی پیاو بڕیاری هێنانی ژنی دووەم بدات | ٣٠ |
| ١١ | ئایا فرەژنی ناکۆکی دەخاتە نێوان منداڵانی پیاوی خاوەن دوو ژن | ٣١ |
| ١٢ | ئایا نەبوونی منداڵی کور هۆکارە بۆ هێنانی ژنی دووەم | ٣١ |
| ١٣ | ئایا نەزۆکی ژنی یەکەم هۆکارە بۆ هێنانی ژنی دووەم | ٣٢ |
| ١٤ | ئایا باری دارای خێزانەکەت هۆکارە بۆ ئەوەی هانا ببەیە بەر فرەژنی | ٣٢ |
| ١٥ | ئایا هەبوونی کار وات لێدەکات کە دوابکەوی لە پرۆسەی هاوسەرگیری | ٣٣ |
| ١٦ | ئایا بیر و باوەری ئایینی وا لە تۆ دەکات کە بە فرەژنی رازی بێت | ٣٣ |
| ١٧ | ئایا کە تەمەنت گەورە بووە ئەمە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی رازی ببی بە پرۆسەی فرەژنی | ٣٤ |
| ١٨ | پێت وایە کە لە پرۆسەی فرەژنی کەسەکان دەبنە قوربانی | ٣٤ |
| ١٩ | ئایا پیاوان پێیان وایە کە ژیانیان گۆرانی بەسەردا دێت بە چوونە ناو ئەو جۆرە پەیوەندییە | ٣٥ |

# پێشەکی

فرەژنی کردارێکە لەسەر بنەمای پیاوێک کە لە یەک کاتدا هاوسەرگیری لەگەڵ زیاتر لە ژنێکدا دەکات، فرەژنی ڕێگەپێدراوە لە چەند ئایینێکی کەمدا وەک ئیسلام و هەندێک لە ئایینە مەسیحییەکانی وەک مۆرمۆنیزم لە کاتێکدا فرەژنی بە یاساکانی هەندێک وڵات ڕێگەپێدراوە، بەڵام لە هەندێکی تردا قەدەغەیە، هەندێک جار بە زیندانیکردن سزا دەدرێت. ژمارەی ژنانی ڕێگەپێدراو لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی تر جیاوازە بڵاوبوونەوەی فرەژنی لە جیهاندا بەگوێرەی کەلتوور و چەمکە نەریتییە باوەکان دەگۆڕێت، بەردەوامبوون لەوەی کە دواخستنی هاوسەرگیری پێچەوانەی هەستی باوە و زانینی ئەوەی کە کاریگەرییەکی نەرێنی هەیە لەسەر ڕوانگەیەکی گرنگ، جا لەسەر پیاوێتی بێت یان تەندروستی نەوەکان، وەک لە چەندین لێکۆڵینەوەدا بەڵگەی لەسەر دراوە، لەوانەیە ببێتە هۆی تێگەیشتن لە کێشەیەک لە خۆیدا نەک لە ئەنجامی بارودۆخی دەروونی، کۆمەڵایەتی یان ئابووری. بۆ چارسەرکردنی، لە چیرۆکی دەقە ئایینییەکانەوە دەردەکەوێت کە مزگێنی بە شوێنکەوتووان و پێشێلکەرانی ئاگادارکردنەوە دەدات لە تاوەری ئایڤۆرەکەیەوە لە هەنگاوێکدا بە ئامانجی بەکارهێنانی ڕیشەی ئاینی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و ئەنجامەکەی دروستکردنی بۆشاییە لە نێوان ئایین و واقیعدا.

تەوەرەی یەکەم : تایبەت بە لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە کە بریتییە لە سێ بەشی سەرەکی بەشی یەکەم لە دوو باس پێکدەێت لە باسی یەکەمدا کە ڕەهەندەکانی توێژینەوەکەیە لە ( گرفت و گرنگی و ئامانج )ی توێژینەوەکە لە خۆ دەگرێت وە باسی دووەم پێناسەکردنی چەمکەکانە کە ئەمانیش ( ئاراستە، کچ، دواکەوتووی لە هاوسەرگیری، فرەژنی )یە وە بەشی دووەم توێژینەوەکانی پێشوو لە خۆ دەگرێت وە بەشی سێیەم باسی یەکەم ( هۆکارەکانی دواکەوتنی کچان لە هاوسەرگیری ) باسی دووەم ( فرەژنی و هۆکارەکانی لای پیاوان ) باسی سێیەم (ئاراستەی کچانی دواکەتوو لە هاوسەرگیری بەرامبەر فرەژنی)

تەوەرەی دووەم : لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە بەشی چوارەم دێت کە ئەویش چوارچێوەی کارایيە مەیدانییەکانی توێژینەوەکەیە بەڵم لە بەشی پێنجەم دا پێکهاتەی خستنە ڕوو شیکردنەوەی زانیارییەکان هەرچی لە کۆتایی بەش تایبەتە بە ئەنجام و دەرەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە وە لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ.

# دەروازەی یەکەم : لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

## بەشی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و پێناسەکردنی چەمکەکان

### باسی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم : گرفتی توێژینەوە**

**دووەم : گرنگی توێژینەوە**

**سێیەم : ئامانجەکانی توێژینەوە**

**باسی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم : گرفتی توێژینەوە**

ئەمەش یەکێکە لەو گرفتانەی و یان لەو دیاردەیەیی کە لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە کەم تا زۆر لەسەر کچانی دواکەوتوو لە هاوسەرگیری بە ڕێژە و ئاساتی جیاواز و لە رووی کات و شوێن لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی ژیانێکی لەم جۆرە راستە و کاریگەری لەسەر ژیانی داهاتوویان دەبێت لە کۆمەڵگا و بەرازی بوونیان بە ژیانی هاوسەری لەگەڵیان کە هاوسەردارە یان رازی بوونی بە ژیانی کچێنی چوونکە جۆرێکە لە جۆرەکانی دروستکردنی خێزان و دواتر دەگەرێتەوە بۆ کاریگەی لەسەر بوونیادی کۆمەڵایەتی. ئایا ئەو کچانەی لە پرۆسەی هاوسەرگیری دواکەوتوونە تێڕوانینیان چۆنە بەرامبەر بە فرە ژنی ، ئایا ئەو کچانەی لە پرۆسەی هاوسەرگیری دواکەوتوونە تێڕوانینیان چۆنە بەرامبەر بە فرە ژنی

**دووەم : گرنگی توێژینەوە**

بایەخ و گرینگی ئەم توێژینەوەیەوە لەوەدایە کە هەوڵێکی زانستیانە لە بابەتی پێویست و هەستیاری وەك ( بۆچوونی کچانی دواکەوتوو لە هاوسەرگیری بەرامبەر بە فرە ژنی). ئەمەش دەچیتە چوارچێوەی لقێکی گرینگی کۆمەڵناسی ئەویش کۆمەڵناسی خێزانە.

**لایەنی تیۆری :** لە تیۆری زانستی هەیە باسی هەلبژاردنی هاوسەر دەکەن و بایەخ و گرینگی دیاری دەکەن لە ژیانی مرۆڤ و بە هۆکاری بەردەوامی ژیان و بوونی مرۆڤ دادەنێن لە کۆمەلگادا جا هەر جۆرە هاوسەرگیریێك بێ بۆ نموونە رازای بوونی کچێکی دواکەوتوو لە هاوسەرگیری بۆ پیاوێک کە لە ژنێک یان لە زیاتری هەبێ ئەمەش وادەکات کە لەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەربکەوێ کە مەرج نییە ئەم جۆرە کچانە ژیانێکی شکست خواردوویان هەبێ ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێک بکەن کە هاوسەردا بێ یان بە هەر کچێنی بمێنەوە لە هەردوو لایەندا روون دەبێتەوە کە چۆنە بە هۆی ئەم توێژینەوە و بە گشتی. هەلبژاردنی هاوسەر بە هەموو جۆرێک و بە گرینگترین و هەستیارترین بابەت دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤ بە گشتی بۆ توێژی ( کچانی دواکەوتوو لە هاوسەرگیری). بەتایبەتی چونکە کچان لە هەموو بوارەکانی ژیان جیاوازن لە پیاو بە هەموو شێوەیەک قورسی تێدا دەبێت.

**لایەنی پراکتیکی :** شیکردنەوەی ئەو داتا و زانیاریانەی کە لەئەنجامی وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەستمان کەوتوون کە ئاراستەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کراون. ئەمەش دەبێت بە پاڵپشتێک بۆ لایەنی تیۆری وەک ئەوەی کە هەوڵ و ئامانجی کۆمەڵگای توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە. گرینگی خۆی هەیە لە بواری زانستی (کۆمەڵناسی)دا چونکە بنەمای هەڵبژاردنی هاوسەر زۆرە بە تایبەت بۆ کچێک کە دواکەوتووبێ لە هاوسەرگیری یان تەمەنی لە ٣٠ ساڵ زیاتر بێت پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤ هەیە چونکە بوونی بنەمایێک لە هەڵبژاردنی هاوسەر یان مانەوە بە کچێنی دەبێتە هۆیەک بۆ دروستبوونی بناغەیەکی پتەو لە دوای هەڵبژاردنی چۆنیەتی ژیان داهاتوویی ( کچانی دواکەوتوو لە هاوسەرگیری) گرینگی و بایەخی توێژینەوەکە زۆرە چونکە توێژینەوەیەکی ئەوتۆ نەکراوە لەم لایەنە و بایەخی زۆری پێنەدراوە و گرینگی زۆری دەبێ لە بواری (کۆمەڵناسی خێزان) دەتوانرێت سوودی لێ ببینرێت بۆ توێژینەوەی تر لەم بوارە.

**سێیەم : ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی سەرەکی:- زانینی تێڕوانینی کچانی دواکەوتوو لە هاوسەرگیری بەرامبەر بە فرە ژنی.
ئامانجانەی خوارەوە:

١-ئایا ئاڕاستەی کچانی دواکەتوو لە هاوسەرگیری بەرامبەر بە فرە ژنی بەهۆی ئەزموونداری پیاوی هاوسەرداره؟

٢-ئایا شووکردنی کچانی دواکەوتوو لە هاوسەرگیری بە پیاوی هاوسەردار چارەسەری گرفتی بێ منداڵی دەکات؟

٣-ئایا شووکردنی کچانی دواکەوتوو لە هاوسەرگیری بە پیاوی هاوسەردار چارەسەی کێشەی بێ سەرپەرشتیاری دەکات؟

## باسی دووەم / پێناسەکردنی چەمکەکان

**١_ ئاراستە**

**٢_ کچ**

**٣_ دواکەتووی لە هاوسەرگیری**

**٤_ فرە ژنی**

## باسی دووەم / ڕوونكردنەوەی چەمكەكانی توێژینەوەكە

**ئاراستە :** لە ئامادەی یان خۆ گۆرجكردنەوەی دەماری و دەروونی، لە میانەی شارەزی كەسەكە ڕێك وپێك دەبێت ئەو بارەش كاریگەری بەسەر ئاراستە و جوولەی بەدەنگەوە هاتنی تاك دەبێت بۆ هەموو ئەو بابەت و هەڵوێستانەی كە ئەو بەدەنگ هاتنە دەورۆژێنێت، ئاراستەكان ڕەنگە ئەرێنی یان نەرێنی بن. ( بەدەوی، ٢٠٢٠، ل ٦٣_٦٤) هەروەها لە پێناسەیەكی تردا بۆ **ئاراستە :** واتە مەیلی گشتی بۆ جووڵە، گەشەكردن یان بەرەوپێشچوون لە بوارێكی دیاریكراودا ئاڕاستە دەتوانێت ئاماژە بەوە بكات كە شتێك بەرەو كوێ دەڕوات یان بۆ ڕێگا و چۆنیەتی ڕۆیشتنی بەكاردێت، لەوانەیە ئاڕاستەكە ڕاست و ڕێك بێت یان یەككگرتوو بێت یان لەوانەیە بگۆڕێت و بە تێپەڕبوونی كات گەشە بكات. ( محمد، ٢٠٠٢، ل ١). **ئاراستە :** لە ئاڕاستەكردنی شوێنەوە وەرگیراوە هەموو ئەو شوێنەی كە بۆی دەڕۆیت و مەبەستت بووە و ڕێنیشاندەر بووە و ڕێگای بۆ ئاڕاستە كردووەی.( صدیق، ٢٠١٢، ل ٣٠٢). وە توێژەر بەو شێوەیە پێناسەی بۆ ئاراستە كردووە، **پێناسەی كار رایی ئاراستە :** ئاماژەدانە بە شوێنێك یان دیاریكردنی ئاراستەیەك كە ڕێنیشاندەرە بۆ تاك.

**كچ :** مرۆڤێكە كەسێك بە كچ ناودەبرێت لە تەمەنی منداڵی یان هەرزەكاری دابێت كە بۆ بە پێگەیشتوو پێی دەگوترێت ژن.( Meyer، ٢٠١٦، ل٥٥٥). هەروەها لە پێنایەكی تردا **كچ :** وشەی كچ یان كەنیشك بۆ كەسانی پێنەگەیشتوو بەكاردێت و لە بەرامبەردا وشەی ژن بۆ كەسانی پێگەیشتوو واتا تەمەنی ژێر ١٨ ساڵ بێت هەرچەند لە زمانی خەڵكی ئاساییدا كچ بە مێینەی شوو نەكردوو دەڵێن.( بەدەوی، ٢٠٢٠، ل ١٥٤). **كچ :** كەسێكی پێنەگەیشتووە كە دەژی و خۆی بە مێینە دەناسێنێت. (Meyer، ٢٠١٦، ل ٥٥٦). **پێناسەی كار رایی كچ :** مرۆڤێكی مێینەیە كە بە تەواوی پێنەگەیشتووە ئەم دەستەواژەیە بۆ ئەو مێینانە بەكاردێت منداڵ و گەنجن.

**دواکەتووی لە هاوسەرگیری :** ئەوە حاڵەتەیە کە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە هاوسەرگیرییان نەکردووە و تەمەنیان گەورە بووە و کاتێك ئەم بارودۆخە لە مێینەدا درێژ دەبێتەوە و گەورەتر دەبێت وشەی سپینستەری لە کۆمەڵگای عەرەبیدا بۆ بەکاردێت بە مانای تاکبوونی ئەو ژنانەی کە تەمەنیان تێپەڕاندووە بۆ هاوسەرگیری ئاسایی. ( کرکوش، ٢٠١٤، ل ٢٥٧). وە هەروەها پێناسەیەکی تر **دواکەتووی لە هاوسەرگیری :** تێپەڕاندنی سنووری پێویستە بۆ هاوسەرگیری کە تێکڕای تەمەنی هاوسەرگیری خەمڵێنراوە بە (٣٢) بۆ کچان و (٣٥) بۆ پیاوان، بەم شێوەیە هەر تەمەنێکی لەوە زیاتر یان ئەو سنوورەی دیاریکراوە گەورەتر بۆ ئەوە بۆ هاوسەرگیری لەلایەن کۆمەڵگا بە دواکەوت لە هاوسەرگیری دادەنرێت. (عبدالستار، ٢٠٢١، ل ٥). **دواکەتووی لە هاوسەرگیری :** بریتییە لە پێرا گەیشتنی تەمەنی هاوسەرگیری بەبێ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری یان بەبێ دۆزینەوەی لایەنی بەرامبەر ، ئەگەر ئەم دۆخە بۆ هەمیشە بمێنێتەوە بە سپینسترایی دادەنرێت بەڵام ئەگەر لە تەمەنێکی درەنگدا چارەسەر بکرێت ئەوە بە دواکەوتنی هاوسەرگیری لە قەڵەم دەدرێت. (البطران، ٢٠١٣، ل ٢٨). **پێناسەی کار رایی دواکەتووی لە هاوسەرگیری** : ئەو حالەتەیە کە هەموو کچێك یان کوڕێك گەیشتووەتە تەمەنی هاوسەرگیری و هاوسەرگیری نەکردووە جا بە ویستی خۆی بێت یان نا وە تەمەن لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە بۆ هاوسەرگیری کردن.

**فرە ژنی :** ئەو جۆرەیە کە پیاو دەتوانێت لە هەمان کاتدا لەگەڵ زیاتر لە ژنێکدا هاوسەرگیری بکات یان لەگەڵی دابێت. ( الشمری، ٢٠١٧، ل ٩). **فرە ژنی :** جۆرێکی هاوسەرگیرییەکردنە لەلایەن پیاوان کە تێیدا پیاو دوو هاوسەر یان زیاتری هەیە لە هەمان کاتدا.( الحیالی، ١٩٩٠، ل ١٦). **فرە ژنی :** ئاماژە بەو ئافرەتانە دەکات کە دەچێتە پەیوەندییەکی یەك لەدوای یەك یان هاوکات لەگەڵ پیاواندا، جا سۆزداری بێت یان سێکسی یان نیمچە پەیوەندی و خۆشەویستی یاخوود هاوسەرگیری. (الشمری، ٢٠١٧، ل ١١). **پێناسەی کار رایی فرە ژنی :** ئەو جۆرەیە کە ڕێگە بە پیاوان دەدات هاوسەرگیری لەگەڵ زیاتر لە ژنێك یان دووان یان زیاتر دا ئەنجام بدان جا بە هەر هۆکارێك بێت.

# بەشی دووەم : توێژینەوەکانی پێشوو

## باسی یەکەم : توێژینەوەکانی پێشوو

## باسی دووەم : تاوتێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

## باسی یەکەم : توێژینەوەکانی پێشوو

**١_ توێژینەوەی محمود المنتصر راتب عبد السميح (٢٠١٣) بە ناونیشانی ( فاكتەرە كۆمەڵایەتی و دەروونیەكانی پەیوەست بە فرەژنی لە ڕۆانگەی پیاوانەوە ) توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە پارێزگای ئەسیوت، ( عبد السميح، ٢٠١٣).**

كێشەی لاوەكی توێژینەوەكە بریتییە لە ئاماژەدان ژیانی هاوسەرگیری كە لەوانەیە بە هەمان خێرایی بەردەوام بێت لەگەڵ جۆرێك لە هاوئاهەنگی لە ژیانی هاوسەرگیریدا، بەڵام هەندێك حاڵەت هەیە كە پیاوەكە ناچار دەكرێت كە دووبارە هاوسەرگیری بكاتەوە بۆ جاری دووەم یان سێیەم و لەوانەیە لە هەندێك حاڵەتدا درێژ بكرێتەوە بۆ چوار ژن ئەمە ئەو شتەیە كە بە دیاردەی فرەژنی ناودەهێنرا و كێشەی سەرەكی توێژینەوەكە بریتییە لە بە دیاریكردنی فاكتەرە كۆمەڵایەتی و دەروونییەكانی فرەژنی لە ڕۆانگەی پیاوانەوە، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دیاریكردنی فاكتەرە كۆمەڵایەتی و دەروونییەكانی پەیوەست بە فرەژنییە وەك ئاگاداری پیاوان بۆ ژنان و هۆكارەكانی زیادبوونی فرەژنی، لە توێژینەوەكەدا توێژەر پشتی بە میتۆدۆلۆژی كۆمەڵایەتی بەستووە قەبارەی نموونەی توێژینەوەكە بریتییە لە ( ١٠٠ ) كەسی فرەژن لە ڕەگەزی نێر كە سەردانی نوسینگەی ڕێنمایی و ڕاوێژكاری خێزانیان كردووە لە سەنتەری دەیرووت، و یەكێك لە هۆكارەكانی هەڵبژاردنی توێژەر بۆ ئەم ڕێگا میتۆدیە ئەوەیە كە گونجاوە بۆ ڕێگەی توێژینەوە وەسفكراوەكان و ئەم میتۆدۆلۆژییە جەخت لەسەر كاتی ئێستا دەكاتەوە و یارمەتیدەرە بۆ ئاشكراكردنی بارودۆخی ئێستا، توێژەر لە كۆكردنەوەی داتا و ئامرازەكانی توێژینەوە پشتی بە توێژینەوەی ئێستای بەستووە لەسەر ئەم ئامرازانەی خوارەوە: -

١_ چاوپێكەوتنی تاكەكەسی لە خزمەتی تاك و كۆمەڵدا بۆ زیاتر ئاشنابوون بە دیاردەی فرەژنی.

٢_ دابەشكردنی فۆرمی پرسیاركردن بۆ دیاریكردنی هۆكاری كۆمە ڵایە تی و دە رونییەكانی پەیوەست بە فرەژنی.

٣_ پێداچوونەوە بە هەموو ئەو توێژینەوانەی كە لەسەر فرەژنی ئەنجامدراوە بۆ ئاشنابوون بە شێوە و ستانداردەكانی پەیوەندیدار بە فرەژنی.

ئەنجامەكانی توێژینەوەكە دەری خستووە كە هۆكارەكانی پەیوەست بوون بە فرەژنی فاكتەرە دەروونییەكان لە پێشەوەی ئەو فاكتەرانەدا بوون كە دەبنە هۆی فرەیی و بەدوایدا فاكتەرە كۆمەڵایەتییەكان لە ڕووی ڕێژەیی ڕەهەندەكانەوە دێن.

**٢ _ توێژینەوەی نسرین عبدالله البحري ( ٢٠١٧ ) بە ناونیشانی ( هەڵوێستی فەرمانبەرانی زانکۆی موتە بەرامبەر ئەو فاکتەرانەی کە دە بێتە هۆی دواکە وتنی تە مە نی هاوسە رگیری کچان لە کۆمەڵگەی ئوردنیدا ) ،( البحري، ٢٠١٧ ).**

کێشەی توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە نزیکەی یەك لەسەر سێی کچانی ئوردن تەمەنیان هاوسەرگیریان تێپەراندووە و نەچوونەتە ژیانی هاوسەرگیریەوە لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی گەورەبوون لە زیادبووندایە و ئەم بارودۆخە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دروستکردووە کە هەموو خێزانێك بەدەستیەوە دەناڵێنێت و کاریگەری نەرێنی و جددی لەسەر تاك و خێزان و کۆمەڵگا هەیە و ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزە هۆکاری خۆی هەیە کە بەهۆی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەوە ئاڵۆزتر بووە کە کاریگەرییان لەسەر سیستەمی بەهای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی عەرەبی کردووە، توێژەر کێشەیەکی سەرەکی بۆ ئەم توێژینەوەیە داناوە کە بریتییە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری و دواکەوتنی لە ڕوانگەی فەرمانبەرانی زانکۆی موتەوە چین؟، ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی هەیە لە ڕێگەی ئەوەی یەکەم توێژینەوەیە بەپێی زانیارییەکانی توێژەرەکە کە لێکۆلینەوە لە ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان دەکات بەرەو گەورەبوون و دواکەتنی تەمەنی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای ئوردن لە ڕوانگەی کارمەندانی زانکۆی موتەوە، توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدۆلۆژیای لێکۆڵینەوەی وەسفی بەستووە و هەروەها بەکارهێنانی فۆرمی پرسیارە وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبووە کە زانکۆی موتە لە کۆمەڵگەی ئوردن، قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە ( ١٦٠ ) کەس لە هەردوو ڕەگەز، ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست کە هەڵوێستی فەرمانبەرانی زانکۆی موتەح بەرامبەر بە تەمەنی بەرزی هاوسەرگیری لەوەی کە تێچووی بەرزی مارەیی زۆرجار دەبێتە هۆی دواکەوتنی گەنجان لە هاوسەرگیری و ئارەزووی زیاد لە پێویست لە تایبەتمەندییەکانی ژن و مێرد و تێچوونی ژیان و ڕازیکردنی ڕەفتاری سێکسی بە چەندین ڕێگای جیاواز جگە لە هاوسەرگیری و بارودۆخی دارایی خێزان کاریگەری لەسەر بڕیاری گونجاو لە هاوسەرگیری و بەردەوامبوونی بەدەستهێنانی خوێندن و دوودڵی گەنجان بۆ هاوسەرگیری هاوبەش. ئەم ئەنجامە وەک بڵاوبوونەوەیەک لەنێو کۆمەڵگەی بیرۆکەکاندا لێکدەدرێتەوە کە پشتیوانی لە دواخستنی هاوسەرگیری دەکەن.

**٣_ توێژینەوەی سوزان نعیم الشمایلة ( ٢٠٢١ ) بە ناونیشانی ( هۆکارەکانی دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری کچان لە کۆمەڵگەی ئوردندا )، ( الشمایلة، ٢٠٢١ ).**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی فاکتەرە دەروونی و کەسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری و تەکنۆلۆژییەکان بوو کە بوونەتە هۆی دواکەتنی تەمەنی هاوسەرگیری لەنێو کچان لە کۆمەڵگای ئوردن لە ڕوانگە ی گە نجە کان خۆیان لە شاری کرك، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە شێواز و میتۆدی وەسفی و شیکردنەوە پشت پێبەستراوە هەروەها بۆ کۆکردنەوەی داتا و زنیاریەکانیش فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنراوە کە وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی داتا بەکاردێت، قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٣٥٤) کەس لە هەردوو ڕەگەزی هاوسەرگیری نەکراو لە تەمەنەکانی (١٨_٤٥) ساڵ لە خێزانە ئوردنییەکان لە شاری کرك، و شیکردنەوەی داتا و بەکارهێنانی شێوازی ئاماری وەسفکراو تاقیکردنەوەی بۆ نموونەی سەربەخۆ و تاقیکردنەوەی شیکردنەوەی جیاوازی تاك و تاقیکردنەوە بەکارهاتووە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە کێشەی دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری لەنێو گەنجاندا بەهۆی ئەوەوەیە کە چوار فاکتەری سەرەکی، کە بەگوێرەی گرنگی ڕێژەیی ئەوان ڕێکخراون، بریتین لە: فاکتەرە ئابوورییەکان لە ئاستێکی بەرزدا، فاکتەرە تەکنۆلۆژییەکان لە ئاستێکی بەرزدا، فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە ئاستێکی بەرزدا، و لە کۆتاییدا فاکتەری دەروونی و کەسی لە ئاستێکی مامناوەنددا، لە ڕێگەی ئەنجامەکانیەوە، توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەیەکی پێشنیار کرد، گرنگترینیان: بڵاوکردنەوەی هۆشیاری هەروەها چالاککردنی لەنێو گەنجان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگادا لەسەر گرنگی هاوسەرگیری و سوود وەرگرتن لە کۆبوونەوەکانی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان مامۆستایانی ئایینی و سەرکردە ناوخۆییەکان و دایک و باوکان لەگەڵ گەنجانی هەردوو ڕەگەز لە ڕێگەی دیالۆگ و سیمینارەوە و تەرخانکردن و پەخشکردنی بەرنامەکانی هۆشیاری بە زمانی گەنجان لەلایەن دەسەڵاتدارانی تایبەتمەندەوە بۆ نیشاندانی جددیەتی کێشەی دواکەوتنی هاوسەرگیری لەنێو گەنجان لەسەر ئاستی ئایینی و ئەخلاقی.

## باسی دووەم : تاوتێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

_ توێژینەوەکەی ( محمود المنتصر راتب عبد السميح ) بە ناونیشانی ( فاکتەرە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی پەیوەست بە فرەژنی لە ڕۆانگەی پیاوانەوە) پەیوەندی بە رەهەندێکی توێژینەوەکەی ئێمەوە هەیە کە تێیدا هەوڵ دەدەین کە بزانینن هۆکاری سەرەکی فرژنی لەلایەن پیاوان چییە بۆ چ مەبەستێك دەگەڕێتەوە، هەروەها بەکارهێنانی میتۆدێکی جیاواز لە میتۆدەکەی ئێمە کە میتۆدی ئەو توێژینەوەیە ( کۆمەڵایەتیە ) هەروەها کۆمەڵگەیەکی جیاواز ئەمەش بۆ توێژینەوەکەمان گرنگە تاکو بزانینن ئایا بە میتۆدی وەسفی شیکاری کە لەم توێژینەوەیەدا بەکاردێت بەهەمان ئەنجام دەگەین یان نە.

_ توێژینەوەی ( نسرين عبدالله البحري ) بە ناونیشانی ( هەڵوێستی فەرمانبەرانی زانکۆی موتە بەرامبەر ئەو فاکتەرانەی کە دە بێتە هۆی دواکە وتنی تە مە نی هاوسە رگیری کچان لە کۆمەڵگەی ئوردنیدا ) لەم توێژینەوەیەدا لە رووی میتۆدەوە هەمان ئەو میتۆدەمان بەکارهێناوە کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە لەگەڵ بەکارهێنانی فۆرمی پرسیار بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان.

_ توێژینەوەی ( سوزان نعيم الشمايلة ) بە ناونیشانی ( هۆکارەکانی دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری کچان لە کۆمەڵگەی ئوردندا ) سودی لە میتۆدی چەندایەتی و وەسفی وەرگرتووە ئەمەش یەکێکە لەو رێبازانەی کە بۆ شیکردنەوەی داتاکان دەتوانرێت پشتی پێببەسترێت بۆ دەرخستنی هەندێ لایەنی دواکەوتنی هاوسەرگیری، هەروەها ئەم توێژینەوەیە لە ناوەرۆکیدا باس لە دیاریکردنی فاکتەرە دەروونی و کەسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری و تەکنۆلۆژییەکان بوو کە بوونەتە هۆی دواکەتنی تەمەنی هاوسەرگیری لەنێو کچان ئەمەش نزیکە لەگەڵ لایەنێکی رەهەندی توێژینەوەکەی ئێمە کە دواکەتنی هاوسەرگیرییە لەلای کچان.

## بەشی سێیەم : ئاراستوی کچانی دواکەوتوو لە هاوسەرگیری

### باسی یەکەم : هۆکارەکانی دواکەوتنی کچان لە هاوسەرگیری

### باسی دووەم : فرەژنی و هۆکارەکانی زیادبوونی لای پیاوان

### باسی سێیەم : ئاراستەی کچانی دواکەوتوو لەهاوسەرگیری بەرامبەر فرەژنی

## باسی یەکەم : هۆکارەکانی دواکەوتنی کچان لە هاوسەرگیری

هاوسەرگیری پەیوەندییەکی پیرۆزە لە نێوان پیاو و ئافرەتدا چونکە بە بنەمای بوون و توخمی مرۆڤ دادەنرێت کە لە ڕێگەیەوە خێزان پێکدەهێنرێت و کۆمەڵگاکانی لێوە بنیات دەنرێت، تاکە سیستەمە کە هەموو پێداویستییە دەروونی و بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و پێویستییەکانی دیکەی بۆ کەسێك دابین دەکات بەڵام ئەم سیستەمە لەوانەیە ڕووبەڕووی هەندێك فاکتەر بکرێتەوە کە ڕێگری لە پرۆسەکەی دەکات و وای لێدەکات بە هەمیشەیی دوابخرێت یان هەڵبوەشێنرێتەوە، لەوانە ئەو گۆڕانکارییەی کە لە کۆمەڵگاکاندا ڕوودەدات ئەو دیاردەیەش لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە کە کاریگەری لەسەر ئەم گۆڕانکارییە هەبووە و کاریگەریی لەسەر ئاستی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی وەك خێزان و هاوسەرگیری دروست کردووە. (خەلیل، ٢٠٠٧، ل ٥٥).

دواکەوتنی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگادا بووەتە یەکێك لە گرنگترین کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە دیاردەیەکی مەترسیدار و بەربڵاودا کە لەلایەن هەموو کۆمەڵگاکانەوە بە ڕێژەیەکی جیاواز ناسراوە کە کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەڵگا هەیە، دواکەوتنی هاوسەرگیری پەیوەستە بە چەندین بارودۆخ و هۆکارەوە لەوانە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ماددی کە کۆمەڵگا بەگشتی و کۆمەڵگای شارستانی بە تایبەتی پەروەردە دەکات، گەنجان لە بیرۆکەی هاوسەرگیری دوور دەخاتەوە چونکە ناتوانێت پێداویستییەکانی ئەم دواییانە دابین دەکات. ( امنە، ٢٠١٧، ل ٤٨).

دواکەوتنی هاوسەرگیری کێشەیەکی زۆر گەورەیە لە ژیانی ئافرەتێکدا، گرنگ نییە چەند هەوڵ بدات پێچەوانەکەی بڵێت یان هەستەکانی دەربارەی دواکەوتنی هاوسەرگیرییەکەی بشارێتەوە، چونکە ناتوانێت خۆشەویستی خۆی بۆ دایکبوون و ئارەزووە جوانەکانی بشارێتەوە بۆ ئەوەی هاوسەرگیری یان پەیوەندی بە پیاوێکی تەواوە هەبێت کە بە باشی ئاگاداری چارەنووسی بێت و دڵسۆزە بۆی و یارمەتی دەدات بۆ پێکهێنانی خێزانێکی دڵخۆش و جوان، دواکەوتنی هاوسەرگیری کێشەیەکی تاکەکەسی نییە بەڵکو کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە و پێویستە کۆمەڵگاکان سەرنجی بدەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ هۆکارەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگا نەریت و باوەڕ و ئەوانەی پەیوەندییان بە بارودۆخی ئابوورییەوە هەیە بە یارمەتیدانی گەنجان سەبارەت بە لایەنی دەروونی و کاریگەری دواکەوتنی هاوسەرگیری لەسەر

تەندروستی دەروونی کچانی گەنج دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری دەبێتە هۆی سەرکوتکردنی سێکسی بۆ ئەو کچە گەنجانەی کە زیاتر تووشی فشاری دەروونی و دڵەڕاوکێ دەبن بەهۆی ترسی ئەوەی نەوەك نەبن بە دایک و فشاری لە لەدەستدانی دەرفەتی منداڵبوون بەهۆی دواکەتنییان لە پرۆسەی هاوسەرگیری و بەسەر چوونی تەمەنیان. (عبدالستار، ۲۰۲۱، ل ٦)

**_ هۆکارەکانی دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری :**

هەندێک هۆکار هەیە کە لەوانەیە هەندێک ژن بێزاربن و بیانەوێت هاوسەرگیرییەکەیان دوابخەن، لەوانە:

_ بوونی پلان و ئامانجە پیشەییەکان کە هەندێك لە کچ لە لیستی ئەولەویەتەکانی خۆیاندا داناوە و دەیانەوێت پێش هاوسەرگیری و پابەندبوون بە هاوسەر و خێزانەوە بەدەستی بهێنن لەوانە: کارکردن یان خوێندن یان بەدەستهێنانی پارە و دەستگەیشتن بە سەقامگیری دارایی یان ئەوانی تر.

_ جەختکردنەوە لەسەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی وەکو خۆشگوزەرانی و گرنگیدان بەخۆبوون و ئارەزووی دواخستنی منداڵبوون و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی خێزان و منداڵان، وەك ئارەزووی گەشتکردن یان کارکردن بۆ دەرەوە بۆ ماوەیەکی درێژ یان کێشە و ئەزموونی تایبەتی تر کە هاوسەرگیری لەوانەیە بە هەر شێوەیەك بێت لە هاوسەرگیریدا لێ بێبەش بێت. ( سند، ۱۹۹۹، ل ۲٦).

_ گەران بۆ دۆزینەوەی هاوبەشێکی گونجاو و باوەڕپێکراو کە کچان بەها بگرێت و ڕێز لە قەوارەی خۆیان و سەربەخۆیی و پەسەندکراوەکان و ئازادییەکانیان بگرێت لە لایەکی دیکەشەوە ئەوان وەك نیوەیەکی دیکە دەبینێت کە تەواوکەری ئەوە بێت و هاوکاری بکات بۆ زیندووکردنەوەی پەیوەندییەکی تەندروست و دروستکردنی ژینگەیەکی خێزانی هاوسەنگ.

_ بە تێپەڕاندنی ئەزموونێکی پێشوو کە کاریگەرییەکانی هێشتا لەناو کەسێکدا گیریان خواردووە و ڕوودەدات کە کچێك بە پەیوەندییەکدا تێدەپەڕێت یان ئەزموونێکی پێشوو کە شکستی هێناوە و کاریگەرییەکانی هێشتا لەناو خۆیدا گیریان خواردووە کە تێڕوانینەکانی بۆ ژیانی داهاتووی و ئارەزووی هاوسەرگیری دەگۆڕێت، لە لایەکی ترەوە لەوانەیە هەندێك کەس خۆیان بەدووربگرن لە پەیوەندییە

سۆزدارییەکان و هاوبەشە نوێیەکان و بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری شۆکدا بمێننەوە  بێ جیاوازی لە بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆی و هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکەی پێشووی یان ئەو بارودۆخەی کە بەسەریدا تێپەڕیوە، و هەندێك جار داوای یارمەتی پزیشکێکی دەروونی دەکات ئەگەر کاریگەرییەکانی هێشتا ڕێگرن لەوەی ژیانی ئاسایی خۆی بەڕێوەببات و پلانی داهاتوو بە شێوەیەکی دروست بەڕێوەببات.(البطران، ۲۰۱۳، ل ١٦).

_ جیاوازی کۆمەڵایەتی و نەدۆزینەوەی هاوبەشێکی گونجاو هەندێك جار کچەکە ئامادەیە هاوسەرگیری بکات بەڵام ناتوانێت هاوبەشێکی گونجاو بدۆزێتەوە کە وای لێبکات ئامادەی ژیانی درێژ بێت بە خۆشی و بە خۆشی و هاوئاهەنگی لەگەڵیدا و بە بەهێزی سەرنجی ڕابکێشێت وە هەندێك جار ئەم هاوبەشە دوای کێشە دەدۆزێتەوە بەڵام جیاوازی هەیە لە بیرکردنەوە و ئاستی پەروەردەیی و کولتووری، چینە کۆمەڵایەتییەکان یان بابەتە هەڵبژێردراوەکانی تر کە ئەگەری دروستکردنی داهاتوویەکی گەش لەگەڵی کەم دەکاتەوە و ئارەزووەکانی دەکوژێنێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکات لەبەر ئەوەی پێی وایە گونجاو نییە یان لەبەر ئەوەی بەدوای تەواویدا دەگەڕێت کە ناتوانێت لە یەك کەسدا بدۆزێتەوە.( رمضان، ١٩٩١، ل ١٧).

_ بارودۆخی ئابووری سەخت ئەوەیە کە هاوسەرگیری بڕیارێکی چارەنووسسازە کە چەندین بەرپرسیارێتی و ئەرك لەخۆ دەگرێت کە کچان هیچ مافێکیان نییە خۆیان لێی دەرباز بکەن یان شکست بهێنن کە لەوانەیە هۆکاری ئەوە بێت کە کۆمەڵێکی زۆر لە تاکەکان ئەم هەنگاوە نەگرنەبەر، کە ژیانیان دەگۆڕێت، هاوسەرگیری پێویستی بە خەرجکردنی پارە و گرنگیدان بە کاروباری خێزانی هەیە، هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانێکی شیاو بۆی  لەگەڵ بەرزی تێچوونی ژیان و ژمارەیەکی زۆر لە باج و خەرجییەکان کە لە ئەنجامی ئەوەوە دروست دەبێت ئەوان کارێکی گونجاویان هەیە لەگەڵ داهاتێکی قبوڵکراو کە ئەوان دەترسێنێت  و ئارەزووی هاوسەرگیرییان سنووردار دەکات. (دیاب، ٢٠٠٥، ل ٣٤).

## باسی دووەم : فرەژنی و هۆکارەکانی زیادبوونی لای پیاوان

زۆر لە ئافرەتان وا گومان دەبەن فرەژنی تەنها لەو کاتە بۆ پیاو دروستە ئەگەر خێزانی یەکەمی مافی پیاوی نەدات کە ئەمەش گومانێکی هەڵەیە ، زانایان دەڵێن ئافرەت مافی پیاو بدات یان نەدات پیاو بۆی هەیە ژنی تر بهێنێت بەو دوو مەرجەی باسمان کرد ، وە بە هیچ شێوەیەک دروست نییە ئافرەت ڕێگری پیاوی بکات لە فرەژنی ئیلا ئەگەر پێش عەقدی زەواج مەرج دابنێت کە نابێت ژنی تر بەسەرمەوە بهێنی ڕاستە ئافرەت پێی ناخۆشە ژنی تر بەسەرەوە بێت کە سروشتی وایە بەلام دەبێت تەسلیم بێت ئەمە دینی خوایە ، وە ئافرەت وای لەخۆی کردووە گاڵتەی پێ دەکرێت بۆ بابەتی فرەژنی ، لە کۆمەڵگای خۆمان ئافرەتی پابەند بە دین هەندێک هەڵس و کەوت دەکات و هەندێک قسە دەکات کەسی عاقل ئەم هەڵس و کەوت و قسانە ناکات ، لە کۆمەڵگەی تری ئیسلامی چەندین پیاو زیاتر لە یەک ئافرەتی لە لایە و وە ئەم ئافرەتانە وەک خوشک پێکەوە دەژین لە لای یەک پیاو و وە ژیانیان پڕە لە خۆشی و کامەرانی.( فیح الدین، ۲۰۰۰، ل ۷).

دەسەلات بەدەست پیاوە نابێت ئافرەت ڕێگری پیاو بکات لە فرەژنی و وە پیاویش باشتر وایە ئافرەت ڕازی بکات و تێی بگەیەنێت بەوەی کە ژنی تری بەسەر دێنێت ، ئەگەر پرس بە ژنی یەکەم بکرێت و قەناعەتی بۆ دروست بکەیت ئیلا ژیانیان پڕ دەبێت لە خۆشی ، بەلام ئەگەر ئەمە نەکرێت ئەگەری زۆری دروست بوونی کێشەی هەیە . زانایان دەڵێن ڕاستە فرەژنی بۆ پیاو ڕێگەپێدراوە بەلام لەگەڵ ئەوەش دا بەرپرسیاریەتیێکی گەورەیە و ڕۆژی قیامەت لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت ، وە لەم سەردەمە پیاو هەیە زیاتر لەیەک ژنی هێناوە کەچی لەڕاستیدا یەک ژنیشی لێی زیادە و ئەهل نییە ، پیاو ئەگەر باش بێت و مامەلەی لەگەڵ ژنی باش بێت ژن ڕێگری لێی ناکات ، چەندین ژن بەڕوونی دەڵێن ڕاستە ئێمە سروشتمان وایە کە پێمان خۆش نییە بەلام دڵمان بەوە خۆشە پیاوەکانمان باشن ئەگەر چەند ژنی تریش بەسەرمانەوە بهێنن زولممان لێ ناکەن.( محمود، ۲۰۰۹، ل ٤٢).

**_ هۆکارەکانی هێنانی ژنی دووەم و سێیەم ( فرە ژنی ) :**

**یەکەم : لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە**

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان وەکو :

_ زیاد بوونی ژمارەی ژنان لە ژمارەی پیاوان وەکو لە هێندێ ناوچەدا بەیناو بەین ڕوودەدا بێ ئەوە جەنگ و هەراو ئاژاوە لەو ناوچەکەدا هەبێت بێگومان فرەژنی لەکاتی ئاوادا ئاکارێکی ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتیە چونکە ئەگەر وانەکرێ و پیاوان هاوسەرگیری لەگەڵ ژنە بە تەمەنەکان نەکەن ئەوا دەبێ ئەو ژنە زیادانە بێ سەرپەرست و بەخێوکەر توشی هەزاران کاری خراپ دەبن لەوانە خەریکی لەشفرۆشی بن.

_ لە کاتی شەڕ و ئاژاوەو جەنگەکاندا دەکرێ پیاوێکی زۆر تیا بچێت و ژنێکی زۆر بمێنێتەوە.

_ فرەژنی دوو خێزان لێك نزیک دەکاتەوە و پەیوەندی نێوانیان بەهێز دەکات و خەلک تێکەڵی یەکتر دەبن و دەبن بە خزمی یەکتر و وە لە خۆشی و نەخۆشی لەگەڵ یەکتر دەبن ، وە چەندین کێشە بەهۆی لێک نزیکی و خزمایەتی چارەسەر کراون .

_ پیاو لەدەرەوەیە کار ددەکات زیاتر تووشی ڕووداو دەبێت لەوەی ئافرەت ، بۆیە ژمارەی پیاوان کەمترە لە هی ئافرەتان ، تاکە ڕێگا بۆ ئەم حالە فرەژنییە .

_ بەگوێرەی ئامار ژمارەی ئافرەتان لە کۆنەوە تا ئێستا زیاتر بووە لە ژمارەی پیاوان ، ئەگەر پیاو یەک ژن بهێنێت ئەوا ژنانی تر بێ هاوسەر دەمێننەوە ، ئەمەش زیانی بۆ ئافرەت هەیە وە بۆ کۆمەلگەش هەیە بۆ تووش بوون بە فاحیشە . (محمود، ٢٠٠٩، ل ٤٤).

**دووەم : لە ڕووی کەسێتی**

گەڵەك هۆکار دووچاری پیاوان دەبنەوە کە هانا و چارەسەریان تەنها فرەژنییە لەوانە :

أ_ نەبوونی منداڵ واتە خێزانەکەی نەزۆکە و منداڵی نابێ  پیاوەکەش دەیەوێت منداڵی هەبێت لەو حالەتەشدا پیاوەکە دوو ڕێگەی دێتە پێش یان خێزانەکەی تەلاق بدات یان ژنێکی تر بهێنێت، بۆیە هانا بۆ فرەژنی دەبات و ژنێکی تر دەهێنێت کە ئەم هۆکارە یەکێکە لە هۆکارە باوەکانی فرەژنی لە کۆمەڵگاکان.

ب_ ژنەکە تووشی نەخۆشیی بێت و لەسەر جێگە کەوتبێت ژیان لەگەڵیدا بەو نەخۆشییەوە سروشتی مرۆڤ بۆی هەڵناگیرێ و  ناتوانێ وەکو ژنێکی ئاسایی هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکرێت بۆیە پیاوەکە لەو کاتەدا بیر لە ژنێکی تر دەکاتەوە کە هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات.( محمود، ٢٠٠٩، ل ٤٦).

